PAY INSTITUTE
For Education & Development

NED
National Endowment
for Democracy



# چاودێری کردنی پەرلەمان
# لە ڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە

## ڕاپرسییەک لەنێو پەرلەمانتاران ئەنجامدراوە
## سەبارەت بە پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان

### ڕاپۆرتی هەشتەم

2017

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

**PAY**

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی

**NED**

## ستافی کاری پرۆژە

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**دڵپاك زرار ئەسعەد**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

ژمێریاری پرۆژە:

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**

لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوون:

**م. ساکار عەزیز ڕەشید**

**م. محەمەد کەریم ئەحمەد**

**هونەر ئەحمەد حسین**

# چاودێری کردنی پەرلەمان
# لە ڕوانگەی ئەندامانی پـەرلەمانـی کـــوردستانەوە

ڕاپرسیەکە لەنێو پەرلەمانتاران ئەنجامدراوە

سەبارەت بە پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان

## ڕاپۆرتی هەشتەم

٭- ئینسـتتیوتی پـەی بـۆ پـەروەردەو گەشـەپێدان (**PAY**) ڕێکخراوێکـی ناحکومیی کوردستانییەو لـە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لـە فەرمانگـەی ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان تۆمـار کـراوە و لـە کـانونی یەکـەمی سـاڵی ٢٠١٣ەوە دەسـتی بـە چالاکیەکانی کردووە.

٭- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پـێ کـردووە. ئێسـتاش بـە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسـی (**NED**) ئـەم پرۆژەیـە جێبـەجێ دەکات.




ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم – باڵەخانەی لوارا – نزیك پردی خەسرەو خاڵ
تەلەفۆن: 07701564576 – 07701465733- 0533196798
ئیمەیل: payinstitute@gmail.com- sarwary74@yahoo.com -
فەیسبوك: facebook.com/pay-institute
ماڵپەر: www.payied.org
مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٧
ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| لایەنی یاسایی ئەنجامدانی پرۆژەکە | ٧ |
| ئایا پەرلەمانی کوردستان تاکە پەرلەمانە چاودێری بکرێت؟ | ٨ |
| ماڵپەڕی پەرلەمان وەك سەرچاوەی زانیاری | ١١ |
| ئەم راپرسیە بۆچی؟ | ١٢ |
| خشتەی ( ١ ) ژمارەی فۆرمی دابەشکراو و نەکراو بە پێی رێژەی ئەندامانی پەرلەمان | ١٣ |
| خشتەی ( ٢ ) ژمارەی فۆرمەکانی گەیشتن یاخود نەگەیشتن بە ئەندامانی پەرلەمان | ١٤ |
| خشتەی ( ٣ ) ژمارەی پەرلەمانتارانی بەشداربوو لە راپرسی | ١٥ |
| خشتەی ( ٤ ) هەڵسەنگاندنی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان | ١٦ |
| خشتەی ( ٥ ) هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکانی پەی دەربارەی پەرلەمانی کوردستان | ١٧ |
| خشتەی ( ٦ ) ئەگەرەکانی چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن رێکخراوە ناحکومیەکان | ١٨ |
| خشتەی ( ٧ ) میکانیزمی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان | ١٩ |
| خشتەی ( ٨ ) ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی بەشداری راپرسیەکەیان کردووە بە پێی فراکسیۆنەکان | ٢٠ |
| خشتەی ( ٩ ) پرسیاری یەکەم: | ٢٢ |
| خشتەی ( ١٠ ) پرسیاری دووەم: | ٢٤ |
| خشتەی ( ١١ ) پرسیاری سێیەم: | ٢٦ |
| خشتەی ( ١٢ ) پرسیاری چوارەم: | ٢٨ |
| ئەنجام | ٣٠ |
| راسپاردەکان | ٣٢ |
| پاشکۆی ( ١ ) نمونەی فۆرمی راپرسی | ٣٣ |
| پاشکۆی ( ٢ ) نوسراوی ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کراوە | ٣٤ |
| پاشکۆی ( ٣ ) نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی کراوە | ٣٥ |
| پاشکۆی ( ٤ ) نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی کراوە | ٣٦ |
| پاشکۆی ( ٥ ) پێشوازی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لە شاندی ئینستیتیوتی پەی | ٣٧ |
| پاشکۆی ( ٦ ) پێشوازی بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە شاندی ئینستیتیوتی پەی | ٣٨ |

# روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

**www.payied.org**

لەم وەرزەی کارکردنەدا روانگەی پەی کاری کرد لەسەر ئاستی سەرجەم خولەکانی پەرلەمانی کوردستان کە ژمارەیان چوار خولە، سەرجەم (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی، یاساکان، بریارەکان، لیژنە کاتیەکان و هەمیشەییەکان ) دانراوە، لەسەر ئاستی خولی چوارەمیش (٢٠١٣– ٢٠١٧) (لیژنە کاتیەکان، لیژنە هەمیشەییەکان، سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی، فراکسیۆنەکان، بەرنامەی کار، پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، رەشنووسی دەستوری کوردستان، دەستووری عێراق) دانرا، بۆ بەدەست هێنانی ئەم زانیاریانەی سوود لە ماڵپەری فەرمی پەرلەمان وەرگیراوە، بەلام کۆمەڵێك بەشی تازە زیاد کراوە کە تا ئیستا نە لەماڵپەری فەرمی پەرلەمان و نە لەهیچ ناوەندیکی تری توێژینەوە و میدیا بەو شێوەیە کاری لەسەر نەکردووە:

١. **ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنەکانی پەرلەمان:** بۆ ئەم کارە خشتەیەك دروستکراوە بۆ هەر دانیشتنیك و ناوی ئامادەنەبوانی تیادا بلاوکراوەتەوە لەگەڵ هۆکاری ئامادەنەبوونی، پاشان بە پێی خولی گرێدانەکان رێکخراوە.

٢. **ڤیدیۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان:** ماڵپەری فەرمی پەرلەمان و پەیجی فەرمی پەرلەمان لە یوتوب ژمارەیەکی کەم دانیشتنی لەسەر دانراوە، بەلام روانگەی پەی سەرجەم دانیشتەکانی پەرلەمانی بە ڤیدیۆ بلاوکردۆتەوە.

٣. **هێڵکارییەکان:** ئەم بەشە کۆمەڵێك زانیاری بە گرافیك تێدایە لەسەر خولی چوار: (فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و ژمارەی دەنگەکانیان، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی نەتەوایەتییەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی تێکرای تەمەنی ئەندامانەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی جێندەرییەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی ئاستی خوێندن و بروانامەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی ئاینیەوە، دابەش بوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی پارێزگاکان، دابەش بوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر پارێزگاکان بەپێی فراکسیۆنەکان، دابەشبوونی کورسیەکانی پەرلەمان لە پارێزگاکان بە سەر حزبەکاندا).

٤. **پەیوەندیدکردن بە ئەندامی پەرلەمانەوە:** لەم بەشەدا لیستێك ئامادە کراوە بەپێی فراکسیۆنەکان، (ژمارەی تەلەفون+ ئیمەیل+ فەیسبووك ) دانراوە.

٥. **بیروڕا:** لەم بەشەدا ئەم وتارانە دانراوە کە ئەندامانی پەرلەمان و کەسانی تر لەسەر رەوشی پەرلەمان دەریان بڕیوە.

٦. **پەرلەمانی کوردستان لەمیدیاکاندا:** سەرجەم ئەو کارانەی لەسەر پەرلەمانی کوردستان دەکرێت لە میدیای کوردی لەم لینەکەدا دادەنرێت، لە ئیستا لەژێر کارکردندایە.

٧. **بلاوکراوە دەربارەی کاری پەرلەمان:** ئەم بەشە سەرجەم ئەو بلاوکراوە کوردیانە لە خۆ دەگرێت کە لەسەر کاری پەرلەمانی هەن و لە ئیستادا لەژێر کارکردندایە.

٨. **بلاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان:** ئەم بەشە سەرجەم بلاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان دادەنیت و لە ئێستادا لە ژێر کار کردندایە و ژمارەیەك بلاوکراوەی پەرلەمان دانراوە .

پاش تەواو کردنی بەشی کوردی، کار لەسەر بەشی عەرەبی ماڵپەرەکە دەکرێت و لە داهاتووشدا کار دەکرێت بۆ زیادکردنی زمانی ئینگلیزی .

# پێشەکی

پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان لەلایەن (**ئینستیتوتی پەی**) ەوە بە هاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمەریکییەوە لەسەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانەوە جێبەجێ دەکرێت، تا ئێستا (٧) راپۆرتی بڵاو کردۆتەوە. ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە بەدەنگ دەری کوردستان بلێت ئەدای نوێنەرەکانیان لەپەرلەماندا چۆنە و شەفافیەت لەئەرکی پەرلەمانی درووست بکات، بە ڕای گشتی بلێت پایە سەرەکیەکانی کارکردن وەك ( یاسا دانان، چاودێری و پەسەندکردنی بودجە) لەو دەزگا نیشتیمانیەدا چۆن بەرێوەدەچن. ئەمە لەکاتی ئاساییدا کە پەرلەمان لەسەر کار بێت و ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت، بەڵام لە ئێستادا کە ماوەی ساڵ و نیوێك زیاترە پەرلەمان لەکار خراوە و رێگەی پێنادرێت بە ئەرکی خۆی هەڵسێت، ئەرکی ئێمە وەك رێکخراوێکی مەدەنی هاوشانی رێکخراوەکانی تر دروستکردنی فشارە لەسەر لایەنە سیاسیەکان کە پەرلەمان کارا بکرێتەوە و بگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی.

لەماوەی کارکردنی چوار ساڵماندا ئەم پرۆژەیە بەچەندین قۆناغی هەڵچون و داچووندا ڕۆیشتووە، سەرەتا زۆر لە لایەنەکان و فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانیش هاوڕامان نەبوون دیدیان بەرامبەر پرۆژەکە باش نەبوو، بەڵام دواتر کە بۆیان دەرکەوت مەبەستی پرۆژەکە تەنها کارێکی مەدەنیە لە خزمەت بەرەوپێشەوەچوونی کاری پەرلەمانی و پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا و (**ئینستیتوتی پەی**) بێلایەنانە راپۆرتەکانی دەنوسێت، زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیش بە سنگ فراوانیەوە پێشوازیان لە پرۆژەکە کرد.

ئەوەبوو سەرەتا لە راپۆرتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا کە لەسەر ئەرکی ئینستتیوکەمان و لەلایەن تیمێکی خۆبەخشەوە ئەنجامدرا، لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە رەزامەندی دەربڕدرابوو کە هاوکاری تیمەکانمان بکەن، بەڵام کاتێك راپۆرتی چوارەم بڵاوکرایەوە سەبارەت بە پەکخستنی پەرلەمان بوو کە لە (٢٠١٥/١٠/١٢) رێگری لە سەرۆکەکەی کرا و باسمان لەو برگەو مادە یاساییانە کردبوو کە لەدەرەنجامی ئەم رێگرییەدا پێشێل کرابوون، لەئەنجامدا بەڕێز (جێگری سەرۆکی پەرلەمان) بەیاننامەیەکی لەسەر ئینستتیوکەمان بڵاوکردەوە و بڕیاری رێگریی تیمەکانمانی دا لە نێو پەرلەماندا. ئەوەبوو ئێمە وێڕای وەڵامدانەوەمان، ئیشی خۆمان رانەگرت و پرۆژەکەمان بەردەوام بوو و رێگرییەکان کاری تێنەکردین و راپۆرتی (٥)یشمان بڵاو کردەوە، دوای ئەوە لەگەڵ بەڕێز (جێگری سەرۆکی پەرلەمان) دانیشتین و رێگە بە تیمەکانمان درایەوەو لەسەر چەند خاڵێك وەك هاوکاری کردن لەگەڵ پەرلەمان رێککەوتین و راپۆرتی (٦)مان بڵاوکردەوە، بەمەبەستی هاوکاریی زیاتر رۆژی (٢٠١٦/١٢/٤) تیمێکی ئینستتیوت سەردانی بەڕێز (جێگری سەرۆکی پەرلەمان)مان کردو بەرێزیان وێڕای ستایشی پرۆژەکەو بەرز نرخاندنی کارەکانی ئینستتیۆتی پەی، بەڵێنی هاوکاریکردنی پێدابن لەپێدانی زانیاری و بەم مەبەستە رۆژی (٢٠١٦/١٢/٨) نوسراوێکمان ئاراستە کردن

سەبارەت بە بەدواداچوونی ئەو بەڵێنانەی پێیاندابووین کە لە چوار خاڵ پێکهاتبوو، بەڵام ڕۆژی (٢٠١٧/١/٢٤) بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان بەنوسراوی ژمارە (١٤٣/٥/٢) وەڵامی داینەوە بەوەی کە لەو چوار خاڵەی داوامان کردووە سێ خاڵی ڕەت کراوەتەوەو تەنها ڕەزامەندی لەسەر یەك خاڵ دراوە، دواتر لە (٢٠١٧/٢/٢٧) هەر بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان لەسەر داوای بەڕێز (جێگری سەرۆکی پەرلەمان) بە نوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤) ئینستتیوتەکەمانی ئاگادار کردەوە کە ئامادەنین هیچ زانیارییەکمان پێ بدەن، بە بیانوی ئەوەی لەگەڵ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا ناگونجێت پەرلەمان لەلایەن ڕێکخراوی مەدەنیەوە چاودێری بکرێت و ئەندامانی پەرلەمانیش ناڕازین بەم کارە و داوای ڕاگرتنی کارەکانی ئەم پرۆژەیەیان کردووە، هەر بەوەندەش نەوەستان بەڵکو ئەو نوسراوەیان گشتاند بەسەر سەرجەم ئەندامانی پەرلەماندا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە پرۆژەکەمان نەوەستاند و بەردەوامین و ڕاپۆرتی ژمارە حەوتەمیش بڵاوکرایەوە. بۆ بەدواداچوونی زیاتر و وەرگرتنی ڕای ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژەکە پێمان باش بوو ڕاپرسیەك لەنێو سەرجەم ئەندامانی پەرلەماندا بکەین و بیروڕایان لەسەر پرۆژەکە وەربگرین، کە ئایە ئەندامان تاچەند لەگەڵ کارەکانی ئەم پرۆژەیەن و تاچەند پیان باشە پەرلەمان لەلایەن ڕێکخراوە مەدەنیەکانەوە چاودێری بکرێت، وە لێرەدا دەقی ڕاپرسیەکە و دەرەنجامەکانی و شیکاریی خۆمان لەسەری دەخەینە ڕوو. هەروەها لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵمانداوە وەڵامێکی دروستی ئەوانە بدەینەوە کە پێیانوایە چاودێریکردنی پەرلەمان لەگەڵ پەیڕەودا ناگونجێت و گوایە لە دنیادا ئەزموونی لەم شێوەیە نییە. کە لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە.

## لایەنی یاسایی ئەنجامدانی پرۆژەکە

پـرۆژەی چـاودێری پەرلـەمانی کوردسـتان کـە لەلایـەن ئینسـتتیوتی پـەی بـۆ پـەروەردەو گەشـەپێدانەوە ئەنجام دەدرێت، کارێکی مەدەنی و یاساییە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- رێکخراوەکـەمان بـەپێی یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (٢٠١١) ی رێکخـراوە ناحکومیـەکان لـە هـەرێمی کوردستاندا کە لە پەرلەمان دەرچووە، بە ژمارە (١٤٠٦) لە ٢٠١٣/١١/٢٦ دا تۆمار کراوە.

٢- لە برگەی (٤)ی مادەی (٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئینستتیوتدا هاتووە کە ئینستتیوتی پەی "چـاودێری گشـت دامـەزراوە گشـتیەکان دەکـات لـەپێناو گەشـەپێدان و بەرزکردنـەوەی توانـای حـوکمرانی لـە هـەرێمی کوردستان" کە پەرلەمانیش یەکێکە لەم دامەزراوە گشتیانەو ئەم پەیرەوەش بەپێی یاسا لەلایەن فەرمانگـەی رێکخراوە ناحکومیەکانەوە پەسەند کراوە.

٣- بـەپێی یاسـای ژمـارە (١١)ی سـاڵی ٢٠١٣ی مـافی دەسـکەوتنی زانیـاری لـە هـەرێمی کوردسـتان کـە لەپەرلەمانەوە دەرچووە مافی ئەوەمان هەیە زانیاریمان پێ بدرێت و کاری خۆمان بکەین.

٤- بەپێی بریاری ژمارە (٥)ی سـاڵی ٢٠١٣ی پەرلـەمانی کوردسـتان سـەبارەت بـە (پـەیمانی هاوبەشـی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشـتیەکان و رێکخـراوە ناحکومیـەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان) لـە پەرلـەمانی کوردستان پەسەند کراوە، پەرلەمان داوامان لێدەکات هاوکاری دامودەزگا گشتیەکان بین کە پەرلەمان یـەکێك لەوانەیە.

٥- وەك ئەوەی باسی لێوە دەکرێت، گوایە پەرلەمان بەرزترین دەزگای نیشتمانی ئـەم هەرێمەیـە و خـۆی چاودێرەو ناکرێت چاودێری بکرێت و لەگـەڵ پـەیرەوی نـاوخۆی پەرلەمانـدا وێـك نایەتـەوە، ئـەم قسـەیە هـیچ بنەمایەکی نیەو لەسەرتاپای پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا برگەو مادەیەکی لەم جۆرە بەرچاو ناکەوێت.

٦- جگە لە چاودێری پەرلەمانتاران و پەرلەمان، چاودێریی ئەو رەوشەشمان کردووە کە هەڵوێستی لایەنـە سیاسیەکان دەرهەق پەرلەمان دەیکەن، هەر لە پەکخستنی پەرلەمان و بێ بایەخ کردنی و حیساب نەکردن بۆ پەرلەمان و بریارەکانی لە راپۆرتەکانماندا رەنگی داوەتەوە.

٧- لە راپۆرتەکانماندا باسی ئەو پێشلکارییە یاساییانەشمان کردووە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەرهەق بە پەرلەمان و یاساو بریارەکان کردوویەتی و لەو دامودەزگاو دامەزراوە گشـتیانەش دواویـن کـە پـەکیانخراوە بەهۆی پەککەوتنی پەرلەمانەوە.

# ئايا پەرلەمانی کوردستان تاکە پەرلەمانە چاودێری بکرێت؟

هەندێك لە پەرلەمانتاران پێیان وایە کە پرۆسەی چاودێریکردنی پەرلەمان لە هیچ شوێنێکی تری دنیادا نیەو تەنها لە کوردستان هەیەو هەر بۆیەش ئەمە کارێکی نەشیاوە، بۆ روونکردنەوەی ئەم مەبەستە ئەم چەند خاڵە دەخەینە روو:

١- ئینستتیوتی پەی یەکەم رێکخراو نیە چاودێریی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت، پێشتر دوو رێکخراوی تر ئەم کارەیان کردووە:

ا- لە ساڵی (٢٠٠٧) تا (٢٠١١) کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK چاودێریی پەرلەمانی کردووە و پرۆژەکەی بەناوی (پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان) بوو و چەندان راپۆرتی بڵاو کردۆتەوە.

ب- لە ساڵی (٢٠١٢) تا (٢٠١٣) رێکخراوی (RDO) چاودێری پەرلەمانی کوردستانی کردووەو چەند راپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە.

٢- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلایەن (مؤسسة مدارك لدراسات الرقي الفكري) ەوە چاودێری دەکرێت و تا ئێستا راپۆرتی مانگانەو وەرزییان بڵاو کردۆتەوە. کە ئەمە لینکی ماڵپەڕەکەیانە:

**http://www.miqpm.com/index.php**

٣- پەرلەمانی ئوردن لەلایەن (مرصد البرلمان الأردني)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

**http://www.jpm.jo**

٤- پەرلەمانی یەمەن لەلایەن (المركز اليمنى لقياس الرأى العام)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

**http://www.ypwatch.org**

٥- پەرلەمانی مەغریب لەلایەن (المرصد المغربى للعمل البرلمانى)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://www.slideshare.net/ajjmaroc/ss-14482863

٦- پەرلەمانی لبنان لەلایەن (مرصد الأداو النيابى اللبنانى)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

www.lpmonitor.org
http://www.aub.edu.lb/sao/activities/outlook/archive/volume_44/issue_5/ar_misc/Pages/1.aspx

٧- پەرلەمانی باشوری ئەفریقیا لەلایەن (تیمی روانگەی پەرلەمانی)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://pmg.org.za

٨- پەرلەمانی ئەرجەنتین لەلایەن (دامەزراوەی دەسەڵاتی هاوڵاتی)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

http://poderciudadano.org

٩- پەرلەمانی چیللی لەلایەن (دامەزراوەی هاوبەشی)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

http://www.participa.cl

١٠- پەرلەمانی گواتیمالا لەلایەن رێکخراوی (کاری نیشتیمانی)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://accionciudadana.org.gt

١١- پەرلەمانی فەرەنسا لەلایەن چەند رێکخراوێکەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

http://www.nosdeputes.fr

١٢- پەرلەمانی مصر لەلایەن چەند رێکخراوێکەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://egpw.org

١٣- پەرلەمانەکانی (ئەوروپی و ئەمەریکی) لەلایەن (خزمەتگوزاریی روانگەی پەرلەمانی)ەوە چاودێری دەکرێن و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Parliamentary_Monitoring_Services

١٤- پەرلەمانەکانی (ئەرجەنتین و چیللی و مەکسیك و پیرۆ) لەلایەن (تۆڕی ئەمریکای لاتینی بۆ شەفافیەتی یاسادانان)ەوە چاودێری دەکرێن و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

http://www.transparencialegislativa.org/publicaciones/Access%20to%20Budget%20and%20Expense%20Information%20of%20the%20Network%20of%20Congresses%20for%20Legislative%20Transparency.pdf

١٥- نزیکەی (٨٠) پەرلەمان لە دنیادا لەلایەن (٢٠٠) مەرسەدی پەرلەمانیەوە چاودێری دەکرێن کە لەلایەن (پەیمانگای دیموکراسی نیشتمانی NDI) و (پەیمانگای بانکی نێودەوڵەتی WBI)ەوە سەرپەرشتی دەکرێن و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://www.ndi.org/sites/default/files/governance-parliamentary-monitoring-organizations-survey-september-2011.pdf

مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم نمونانە ئەوەیە کە لە دنیای پێشکەوتوو و تەنانەت کۆمەڵێك لە وڵاتانی رۆژهەڵات و جیهانی سێیەمیشدا دا نەك هەر ئاساییە پەرلەمانەکانیان لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیەوە چاودێری بکرێن، بەڵکو پێچەوانەکەی نائاساییە کە رێگە بە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نەدرێت چاودێرییان بکەن. چونکە رێگری کردن واتە شاردنەوەی راستیەکان و نەبوونی شەفافیەت، ئەمەش لەگەڵ پێوەر و بنەماکانی دیموکراسیەت و ئەو دروشمانەدا وێکنایەتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی دەبێت ئاسایی بێت لە کۆمەڵێك وڵاتی پێشکەوتووی ئەوروپی و ئەمەریکی چاودێریی پەرلەمان بکرێت؟ لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و باشوری ئەفەریقیا، تەنانەت لەوڵاتانی عەرەبیشدا پەرلەمانەکانیان چاودێری بکرێن، بەڵام لە کوردستاندا ئاسایی نەبێت! ؟ بۆچی دەبێت لە دواکەوتوو ترین ولاتی ئەم دونیایەدا پەرلەمان هەبێت، بەڵام لە کوردستاندا نەبێت! ؟

## ماڵپەڕی پەرلەمان وەك سەرچاوەی زانیاری

ماڵپەڕی پەرلەمان وەك ئاوێنەی پەرلەمان وایەو پێویستە هەرچی زانیاری و وردەکاریی پەیوەندیدار بە پەرلەمان هەیە تیایدا بێت، بەڵام بەداخەوە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان وەك پێویست نیە و کەموکوڕیی زۆری تیادایە، هەروەك ئێمە وەك ئینستتیۆتی پەی لە راپۆرتی ژمارە (٥) دا لە ئازاری ٢٠١٦ دا بڵاومان کردۆتەوە باسمان لە کەموکوڕییەکان کردووەو بە نوسراوی فەرمیش داومانە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەمەبەستی چاك کردنی.

دیوانی پەرلەمانی کوردستان کە لەسەر داوای بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە (٢٠١٧/٢/٢٧) دا نوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤)ی ئاراستەی رێکخراوەکەمان کردووەو پێیان راگەیاندووین کە بۆ وەرگرتنی هەر زانیارییەك دەبێت لە رێگەی سایتی پەرلەمانەوە بێت. بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە ماڵپەڕی پەرلەمان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی تیادا نیە و ناتوانرێت بۆ چاودێریکردنی پەرلەمان تەنها پشت بە ماڵپەڕ ببەسترێت، ئەم ماڵپەڕە تەنانەت یاساو بڕیارەکانی خودی پەرلەمانیشی وەك پێویست تیا نیەو کەموکوڕی زۆرە، هەروەها سەبارەت بە چالاکی و کۆبوونەوەی لیژنەکانیش زۆرینەی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکان گلەیی و رەخنەی خۆیان لای ستافی پەی دەربڕیوە کە سایتی پەرلەمان چالاکییەکانیان وەك پێویست بڵاو ناکاتەوە. هەروەها سەبارەت بە ئەندامێتیی لیژنەکانیش لەو ناوانەی هاتوون لە سایتەکەدا کەموکوڕی و هەڵەی تیایە، هەروەها سەبارەت بە ڤیدیۆی دانیشتنەکانی رابردووش کەمترین دانیشتن لەسەر سایتەکە بڵاوکراونەتەوە. جگە لە هەموو ئەمانەش بڵاو کردنەوەی هەواڵەکانی سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان سانسۆر کراون و بڵاو ناکرێنەوەو دواهەواڵی سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان لە رۆژانی (٧ و ٢٠١٥/١٠/٨) بڵاو کراوەتەوە کە نزیکەی ساڵێك و حەوت مانگە رێگە لە بڵاو کردنەوەی هەواڵ و چالاکیەکانیان گیراوە.

سەبارەت بە هەواڵی کار و چالاکیی لیژنەکانیش لە شەش مانگی رابردوودا تەنها هەواڵی کۆبوونەوەی (٣) لیژنە بڵاو کراوەتەوە.

جا ئەگەر ماڵپەڕێك ئەمە حاڵی بێت چۆن دەتوانرێت پشت بە زانیارییەکانی ببەسترێت!؟

## ئەم ڕا پرسیە بۆچی؟

مەبەستی ئێمە لە ئەنجامدانی ئەو ڕاپرسیەدا ئەوەیە کە فیدباکێکی کاری پرۆژەکەمان لە ڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ دەربکەوێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵمانداوە لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمێکی ڕاپرسیەوە ڕای سەرجەم ئەندامان وەربگرین هەروەك دواتر لێی دەدوێین. بەتایبەت کاتێك دیوانی پەرلەمان بەناوی بەڕێز جێگری سەرۆکەوە پێی ڕاگەیاندووین کە هیچ زانیارییەکمان پێنادەن و بۆ ئەم کارە تەنها دەبێت بۆ وێبسایتی پەرلەمان بگەڕێینەوە، بەبیانوی ئەوەی کاری چاودێریکردنی پەرلەمان نایاساییەو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێگەی پێ نادات! هەروەها گوایە ئەندامانی پەرلەمان قبوڵی ئەوەیان نیە چاودێری بکرێن و ئەنجامدانی ئەم پرۆسەی چاودێریکردنەیان پێ باش نیە، بۆ دەرکەوتنی ڕاستیەکان هەوڵمانداوە ڕاو بۆچوونی پەرلەمانتاران لە زاری خۆیانەوە ببیستین هەروەك لە ڕاپرسیەکەدا دەرکەوتووە.

ناکرێت ڕۆڵی زۆرینەی ئەو پەرلەمانتارانە نادیدە بگرین کە هاوکاری بەڕێوەچوونی پرۆژەکەمان بوون و بە هاوکار و هاوئامانجی پیشەی ڕاستەقینەی کاری پەرلەمانیی خۆیانیان زانیوین و پێیان باش بووە پەرلەمانتاران و پەرلەمان لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیەوە چاودێری بکرێن و وەك پردێك بەردەوام هەوڵی بیرخستنەوەی ئەو وادەو بەڵێنانە بدەن کە پەرلەمانتاران و لیستەکانیان لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا داویانەو فشار بۆ بەجێگەیاندنیان بکرێت و چۆنیەتی ئەدای کاری نوێنەران بۆ خەڵك و دەنگدەر ئاشکرا بکرێن.

## یەکەم: ژمارەی فۆڕمی دابەشکراو:

**خشتەی (١)**

**ژمارەی فۆڕمی دابەشکراو و نەکراو بە پێی ڕێژەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ٪ |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | ئەو فۆڕمانەی دابەشکراون | ١٠٨ | ٩٧,٢٩ |
| ٢ | ئەو فۆرمانەی دابەشنەکراون | ٣ | ٢,٧٠ |
| **کۆی گشتی** | | ١١١ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١) دا بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕێژەی (٪٩٧,٢٩) فۆڕم بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دابەشکراوە و ڕێژەی (٪٢,٧٠) فۆڕم بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دابەشنەکراوە کە ژمارەی فۆڕمەکان (٣) فۆڕمە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرسێکیان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانن و ئێمە نەمانویستووە دەستەی سەرۆکایەتی بەشداری لە ڕاپرسیەکەدا بکەن .


## دووەم: ژمارەی فۆڕمەکانی گەیشتن یاخود نەگەیشتن بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

**خشتەی (٢)**

**ژمارەی فۆڕمەکانی گەیشتن یاخود نەگەیشتن بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو فۆرمانەی گەیشتوونەتە دەست ئەندامانی پەرلەمان | ١٠١ | ٩٣.٥١ |
| ٢ | ئەو فۆرمانەی نە گەیشتوونەتە دەست ئەندامانی پەرلەمان | ٧ | ٦.٤٨ |
| | **کۆی گشتی** | ١٠٨ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٢) تایبەتە بە گەیشتن یاخود نەگەیشتنی فۆڕمەکان بە ڕاپرسیەکەمان، هەروەك دەرکەوتووە بەڕێژەی (٪٩٣,٥١) فۆڕمەکان گەیشتوون بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ڕێژەی (٪٦,٤٨) فۆڕمەکان نەگەیشتوون بە دەست ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەشێك لەو ئەندام پەرلەمانانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون و هەندێکیشیان هۆکاری پەیوەندییەکانیان بەردەست نەبوون.




**شێوەی (١)**

**ژمارەی فۆڕمەکانی گەیشتن یاخود نەگەیشتن بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**


## سێیەم: ژمارەی پەرلەمانتارانی بەشداربوو:

**خشتەی (٣)**

**ژمارەی پەرلەمانتارانی بەشداربوو لە راپرسی**

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پەرلەمانتارانەی وەڵامیان داوەتەوە | ٦٩ | ٦٨.٣١ |
| ٢ | ئەو پەرلەمانتارانەی فۆرمەکەشیان بەدەست گەیشتووە و وەڵامیان نەداوەتەوە | ٣٢ | ٣١.٦٨ |
| | **کۆی گشتی** | ١٠١ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٣) تایبەتە بە ژمارەی پەرلەمانتارانی بەشداربوو لە راپرسیەکەدا، کە (١٠١) ئەندام بەشداریان کردووەو لەوانە (٦٩) بە ڕێژەی (٪٦٨.٣١) وەڵامیان داوەتەوەو (٣٢) بە ڕێژەی (٪٣١.٦٨) وەڵامیان نەداوەتەوە.




**شێوەی (٢)**

**ژمارەی پەرلەمانتارانی بەشداربوو لە راپرسی**

## چوارم: هەڵسەنگاندنی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان:

**خشتەی (٤)**

**هەڵسەنگاندنی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان**


**کە لەلایەن ئینستتیوتی پەی جێبەجێ دەکرێت لەڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | باش | ٥٦ | ٨١.١٥ |
| ٢ | مامناوەند | ٩ | ١٣.٠٤ |
| ٣ | خراپ | ٤ | ٥.٧٩ |
| | **کۆی گشتی** | **٦٩** | ٪١٠٠ |

خشتەی (٤) تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری یەکەم کە تیایدا هاتووە:

**- ئایا پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن (ئینستیتۆتی پەی)ەوە جێبەجێدەکرێت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لە خشتەی (٤) دا دەردەکەوێت کە بەڕێژەی (٪٨١.١٥) بەشداربووانی ڕاپرسیەکەمان هەڵسەنگاندنی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن ئینستتیوتی پەی جێبەجێ دەکرێت بە (باش) دەزانن، هەروەك (٪١٣.٠٤) پرۆژەی چاودێری بە (مامناوەند) دادەنێنن، کۆتا ڕێژەش کە (٪٥.٧٩)یە پێیان خراپە. کە ئەم ڕێژانە گرنگیی پرۆژەکە دەگەیەنێت بەلای خودی ئەندامانی پەرلەمانەوە.




**شێوەی (٣)**

**هەڵسەنگاندنی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان کە لەلایەن ئینستتیوتی پەی جێبەجێ دەکرێت**

## پێنجەم: هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکان:

**خشتەی (٥)**


**هەڵسەنگاندنی را پۆرتەکانی پەی دەربارەی پەرلەمانی کوردستان لەڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | باش | ٥٢ | ٧٥.٣٦ |
| ٢ | مامناوەند | ١٣ | ١٨.٨٤ |
| ٣ | خراپ | ٤ | ٥.٧٩ |
| | **کۆی گشتی** | **٦٩** | ٪١٠٠ |

خشتەی (٥) تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری دووەم کە تیایدا هاتووە:

**- راپۆرتەکانی ئینستیتۆتی پەی دەربارەی پەرلەمانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

بەشداربووانی راپرسیەکە رێژەی (٪٧٥.٣٦)یان پێیان (باش) و (٪١٨.٨٤)یان پێیان (مام ناوەند) و تەنها (٪٥.٧٩)یان پێیان خراپە. کە ئەمەش گرنگیی پرۆژەکە دەگەیەنێت بەلای خودی ئەندامانی پەرلەمانەوە.




**شێوەی (٤)**

**هەڵسەنگاندنی را پۆرتەکانی پەی دەربارەی پەرلەمانی کوردستان لەڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

## شەشەم: ئەگەرەکانی چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان:


**خشتەی (٦)**
**ئەگەرەکانی چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان**
**لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ٦٢ | ٨٩.٨٥ |
| ٢ | نەخێر | ٧ | ١٠.١٤ |
| | **کۆی گشتی** | ٦٩ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٦) تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری سێیەم کە تیایدا هاتووە:

**- پێتان باشە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە چاودێری بکرێت؟**

بەشداربووانی ڕاپرسیەکە (٦٢) ئەندام ڕێژەی (٪٨٩.٨٥)یان وەڵامیان (بەڵێ)ە و پێیان باشە چاودێری ڕێکخراوەکان بەسەر پەرلەمانەوە هەبێت و (٧) ئەندام (٪١٠.١٤) شیان وەڵامیان (نەخێر)ە و پێیان باش نیە هیچ چاودێرییەك بەسەر پەرلەمانەوە بێت.




**شێوەی (٥)**
**ئەگەرەکانی چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان**
**لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

## حەوتەم: میکانیزمی چاودێریکردنی پەرلەمان

**خشتەی ( ٧ )**


**میکانیزمی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان و ئەندامان بۆ وەرگرتنی زانیاری لەڕوانگەی ئەندامانەوە**

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەندامان + سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری پەرلەمان ی+ سایت | ٢٦ | ٣٧.٦٨ |
| ٢ | ئەندامان | ١٨ | ٢٦.٠٦ |
| ٣ | ئەندامان + سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری پەرلەمان | ١٨ | ٢٦.٠٦ |
| ٤ | سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری پەرلەمان | ٥ | ٧.٢٤ |
| ٥ | سایتی پەرلەمان | ١ | ١.٤٤ |
| ٦ | ئەندامان + سایتی پەرلەمان | ١ | ١.٤٤ |
| | **کۆی گشتی** | **٦٩** | ٪١٠٠ |

خشتەی (٧) تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری چوارەم کە تیایدا هاتووە:

**- پێتان باشە میکانیزمی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان و ئەندامان لەلایەن کێ وە بێت؟**

لەکۆی بەشداربوان تەنها (١) کەس پی وایە لەرێگەی سایتەوە زانیاری وەربگیرێت ئەمە لە کاتێکدا بە ئینستتیوتەکەمان وتراوە کە ئەمە داوای ئەندامانە، و (٥)یان پێیان باشە لە رێگەی (سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری پەرلەمان)ەوە بێت وا (١٨)یان پێیان باشە لە رێگەی (ئەندامان)ەوە بێت، و (١٨)یان پێیان باشە لە رێگەی (ئەندامان + سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری پەرلەمان)ەوە بێت و (٢٦)شیان پێیان وایە زانیارییەکان لەرێگەی (ئەندامان + سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری پەرلەمان + سایت) بێت.




**شێوەی ( ٦ )**

**میکانیزمی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان و ئەندامان بۆ وەرگرتنی زانیاری لەڕوانگەی ئەندامانەوە**

**خشتەی ( ٨ )**

**ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی بەشداری را پرسیەکەیان کردووە بە پێی فراکسیۆنەکان**

| ژ | فراكسيۆن | ژمارەی ئەو کەسانەی وەلامیان داوەتەوە | ژمارەی ئەوانەی ئامادەنین وەلام بدەنەوە | ژمارەی ئەوانەی فۆرمیان پێ نەگەیشتووە | ژمارەی کۆتایی بەشداری لە راپرسی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٩ | ١٥ | ٣ | ٣٤ |
| ٢ | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٦ | ٦ | ١ | ٢٢ |
| ٣ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٦ | ١ | ١ | ١٧ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ٣ | – | ١٠ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٣ | ٢ | – | ٥ |
| ٦ | رافیدەین | ١ | – | ١ | ١ |
| ٧ | پێشکەوتنی تورکمانی | ١ | ١ | – | ٢ |
| ٨ | گردبوونەوە گەلی کلدانی سریانی ئاشوری | ١ | ١ | – | ٢ |
| ٩ | گۆڕان و نوێبونەوەی تورکمانی | ١ | – | – | ١ |
| ١٠ | بەرەی تورکمانی | ١ | – | – | ١ |
| ١١ | هەولێری تورکمانی | ١ | – | – | ١ |
| ١٢ | أبناء النهرین | – | ١ | – | ١ |
| ١٣ | ئەرمەن | – | ١ | – | ١ |
| ١٤ | بزوتنەوەی ئیسلامی | ١ | – | – | ١ |
| ١٥ | ئازادی | ١ | – | – | ١ |
| ١٦ | سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | – | ١ | – | ١ |
| ١٧ | ئاراستەی سێیەم | – | – | ١ | – |
| | **سەرجەم** | ٦٩ | ٣٢ | ٧ | ١٠١ |

خشتەی (٨) تایبەتە بە رێژەی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی فراکسیۆنەکان کە بەشداریی راپرسیەکەیان کردووە.




**شێوەی (٧)**

**ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی بەشداری راپرسییەکەیان کردووە بەپێی فراکسیۆنەکان**

## خشتەی (٩)


## پرسیاری یەکەم: پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن ئینستتیوتی پەی جێبەجێ دەکرێت چۆن هەڵدەسەنگێنیت ؟

| ژ | فراکسیۆن | ژمارەی ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە | باش | مامناوەند | خراپ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٩ | ١٨ | – | ١ |
| ٢ | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٦ | ١٢ | ٤ | – |
| ٣ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٦ | ١١ | ٢ | ٣ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ٥ | ٢ | – |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٣ | ٢ | ١ | – |
| ٦ | رافیدەین | ١ | ١ | – | – |
| ٧ | پێشکەوتنی تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ٨ | گردبوونەوە گەلی کلدانی سریانی ئاشوری | ١ | ١ | – | – |
| ٩ | گۆڕان و نوێبونەوەی تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ١٠ | بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ١١ | هەولێری تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ١٢ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ١ | – | – |
| ١٣ | لیستی ئازادی | ١ | ١ | – | – |
| | سەرجەم | ٦٩ | ٥٦ | ٩ | ٤ |

خشتەی (٩) تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری یەکەم بەپێی فراکسیۆنەکان کە بەشداریی راپرسیەکەیان کردووە، کە لە پرسیارەکەدا هاتووە:

**- ئایا پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن ئینستیتۆتی پەی)ەوە جێبەجێدەکرێت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لە کۆی بەشدار بووان کە (٦٩) ئەندامن، (٥٦) ئەندام بە (باش) و (٩) ئەندام بە (مامناوەند) و تەنها (٤) ئەندام بە (خراپ) ناوزەدیان کردووە، کە ئەوانیش (١) ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان و (٣) ئەندامیش لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن.




شێوەی ( ٨ )

هەڵسەنگاندنی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن ئینستتیوتی پەی جێبەجێ دەکرێت

**خشتەی (١٠)**


**پرسیاری دووەم: راپۆرتەکانی پەی دەربارەی پەرلەمانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت ؟**

| ژ | فراکسیۆن | ژمارەی ئەوانەی وەلامیان داوەتەوە | باش | مامناوەند | خراپ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٩ | ١٣ | ٥ | ١ |
| ٢ | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٦ | ١٤ | ٢ | – |
| ٣ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٦ | ٩ | ٥ | ٢ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ٥ | ١ | ١ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٣ | ٣ | – | – |
| ٦ | رافیدەین | ١ | ١ | – | – |
| ٧ | پێشکەوتنی تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ٨ | گردبوونەوە | ١ | ١ | – | – |
| ٩ | گۆڕان و نوێبونەوەی تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ١٠ | بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ١١ | هەولێری تورکمانی | ١ | ١ | – | – |
| ١٢ | بزوتنەوەی ئیسلامی | ١ | ١ | – | – |
| ١٣ | لیستی ئازادی | ١ | ١ | – | – |
| | **سەرجەم** | ٦٩ | ٥٢ | ١٣ | ٤ |

خشتەی (١٠) تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری دووەم بەپێی فراکسیۆنەکان کە بەشداریی راپرسیەکەیان کردووە، کە لە پرسیارەکەدا هاتووە:

- **راپۆرتەکانی پەی دەربارەی پەرلەمانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

لە کۆی بەشدار بووان کە (٦٩) ئەندامن، (٥٢) ئەندام بە (باش) و (١٣) ئەندام بە (مامناوەند) و تەنها (٤) ئەندام بە (خراپ) ناوزەدیان کردووە، کە ئەوانیش (١) ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان و (٢) ئەندامیش لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و (١) ئەندامیش لە فراکسیۆنی یەکگرتووە.




شێوەی (٩)

هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکانی پەی دەربارەی پەرلەمانی کوردستان

**خشتەی (١١)**


**پرسیاری سێیەم: پێتان باشە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە چاودێری بکرێت ؟**

| ژ | فراکسیۆن | ژمارەی ئەوانەی وەلامیان داوەتەوە | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٩ | ١٦ | ٣ |
| ٢ | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٦ | ١٥ | ١ |
| ٣ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٦ | ١٤ | ٢ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ٧ | - |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٣ | ٢ | ١ |
| ٦ | رافیدەین | ١ | ١ | - |
| ٧ | پێشکەوتنی تورکمانی | ١ | ١ | - |
| ٨ | گردبوونەوە | ١ | ١ | - |
| ٩ | گۆڕان و نوێبونەوەی تورکمانی | ١ | ١ | - |
| ١٠ | بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | - |
| ١١ | هەولێری تورکمانی | ١ | ١ | - |
| ١٢ | بزوتنەوەی ئیسلامی | ١ | ١ | - |
| ١٣ | لیستی ئازادی | ١ | ١ | - |
| | **سەرجەم** | ٦٩ | ٦٢ | ٧ |

خشتەی (١١) تایبەتە بە وەلامی پرسیاری سێیەم بەپێی فراکسیۆنەکان کە بەشداریی راپرسیەکەیان کردووە، کە لە پرسیارەکەدا هاتووە:

- **پێتان باشە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە چاودێری بکرێت؟**

لە کۆی بەشدار بووان کە (٦٩) ئەندامن، (٦٢) ئەندام پێیان باشە پەرلەمان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە چاودێری بکرێت و (٧) ئەندامیش پێیان خراپە چاودێریکردن بەسەر پەرلەمانەوە هەبێت، ئەوانیش (٣) ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان و (٢) ئەندامیش لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و (١) ئەندام لە بزوتنەوەی گۆڕان و (١) ئەندام لە کۆمەڵی ئیسلامین.




شێوەی (١٠)

پێتان باشە چاودێریی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن رێکخراوە ناحکومیەکانەوە

## خشتەی (١٢)


## پرسیاری چوارەم: پێتان باشە میکانیزمی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان و ئەندامان لەلایەن کێ یەوە بێت؟

| ژ | فراکسیۆن | ژمارەی ئەوانەی وەلامیان داوەتەوە | ئەندامان+ سەرۆکایەتی+ سایت | ئەندامان | ئەندامان + سەرۆکایەتی | سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری پەرلەمان | سایتی پەرلەمان | ئەندامان + سایتی پەرلەمان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٩ | ٥ | ٧ | ٢ | ٤ | ١ | – |
| ٢ | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٦ | ٦ | ٤ | ٥ | ١ | – | – |
| ٣ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٦ | ٧ | ٤ | ٤ | – | – | ١ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ٥ | – | ٢ | – | – | – |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٣ | ١ | ١ | ١ | – | – | – |
| ٦ | رافیدەین | ١ | – | – | ١ | – | – | – |
| ٧ | پێشکەوتنی تورکمانی | ١ | ١ | – | – | – | – | – |
| ٨ | گردبوونەوە | ١ | – | – | ١ | – | – | – |
| ٩ | گۆڕان و نوێبونەوەی تورکمانی | ١ | – | – | ١ | – | – | – |
| ١٠ | بەرەی تورکمانی | ١ | – | ١ | – | – | – | – |
| ١١ | هەولێری تورکمانی | ١ | – | ١ | – | – | – | – |
| ١٢ | بزوتنەوەی ئیسلامی | ١ | – | – | ١ | – | – | – |
| ١٣ | لیستی ئازادی | ١ | ١ | – | – | – | – | – |
| | **سەرجەم** | ٦٩ | ٢٦ | ١٨ | ١٨ | ٥ | ١ | ١ |

خشتەی (١٢) تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری چوارەم بەپێی فراکسیۆنەکان کە بەشداریی راپرسیەکەیان کردووە، کە لە پرسیارەکەدا هاتووە:

- **پێتان باشە میکانیزمی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان و ئەندامان لەلایەن کێ یەوە بێت؟**

لە کۆی بەشدار بووان کە (٦٩) ئەندامن، تەنها یەك ئەندام پێی وایە زانیارییەکان لە رێگەی سایتی پەرلەمانەوە وەربگیرێت، ئەوانی تر سەرچاوەکانی تریان دەستنیشان کردووە.




**شێوەی (١١)**

**سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان و ئەندامان**

# ئه نجام

له كۆتايى ئەم ڕاپۆرتەدا گەيشتينە ئەو ئەنجامانەى خوارەوە:

**يەكەم: سەبارەت بە بارودۆخى هەرێمى كوردستان بەگشتى:**

١- پرۆسەى ديموكراسى لە هەرێمى كوردستاندا لە پاشەكشەدايەو ئەو ياسايە مەدەنيانەى لە پەرلەمانى كوردستانەوە دەرچوون پێشێلكراون و كۆسپ لەبەردەمياندا دروستكراون و ئازادييەكان بەرتەسك كراونەتەوە، بۆ نمونە وەك: ياساى ژمارە (١)ى ساڵى ٢٠١١ى رێكخراوە ناحكوميەكان و ياساى ژمارە (١١)ى ساڵى ٢٠١٣ى مافى بەدەستهێنانى زانيارى و بڕيارى ژمارە (٥)ى ساڵى ٢٠١٣ى پەيمانى هاوبەشى و گەشەپێدانى نێوان دەسەڵاتە گشتيەكان و رێكخراوە ناحكوميەكان و چەندان ياساى تر.

٢- ئەقڵيەتێك هەيە كە رێگرى دەكات لە چاودێرى كردنى ئەداى پەرلەمان و كارى پەرلەمانى لە هەرێمى كوردستانداو باوەڕيان بە شەفافيەت نيە، مەبەستيشيان لەوەيە كە راستيەكان لە كۆمەڵانى خەڵكى و كۆمەڵى نێودەوڵەتى بشارنەوە.

٣- لە درێژەى كارى چاودێرى كردنمان لە ماوەى سێ ساڵى رابردوودا لە راپۆرتەكانماندا تەنها جەختمان لەسەر كارى پەرلەمانى و ئەداى ليژنەو فراكسيۆنەكان و ئەندامان كردۆتەوە، بەلاى ئيشوكارى ئيداريى پەرلەماندا نەچووين (هەرچەندە تێبينى زۆر هەيە لەسەرى)، بەڵام ئێمە نەمانويستووە كارەكەمان لەو بازنەيەدا بچوك بكەينەوە.

٤- بەپێى ئەو فيدباكەى كردومانە، پرۆژەى چاودێرى پەرلەمان گرنگيى خۆى هەيەو هەر بۆيە راپۆرتەكانمان لەچەندين توێژينەوەى زانستى و نامەى ماستەر و دكتۆرانامەدا وەك سەرچاوەى سەرەكى بەكار هاتوون كە لە زانكۆكانى ناوەوەو دەرەوەى وڵات نوسراون.

**دووەم: لە ئەنجامى راپرسيەكەدا بۆمان دەركەوت كە:**

١- ئەندامانى پەرلەمانى كوردستان بە شێوەيەكى گشتى بيرو بۆچوونيان باشە سەبارەت بە پرۆژەى چاودێرى كردنى پەرلەمان و لەگەڵ ئەوەدان پەرلەمان لەلايەن رێكخراوەكانەوە چاودێرى بكرێت.

٢- لە كۆى ئەو ئەندامانەى پەرلەمان لە فراكسيۆن و ليستە جياجياكاندا كە بەشدارى راپرسيەكەيان كردووە، هەموويان پرۆژەكەى ئينستتيوتى پەى بۆ چاودێرى پەرلەمان بە باش دەزانن، جگە لە چوار پەرلەمانتار كە يەكێكيان لە فراكسيۆنى پارتى ديموكراتى كوردستانەو سێ پەرلەمانتاريش لە فراكسيۆنى يەكێتى نيشتمانيى كوردستانن.

٣- لە كۆى بەشدار بوانى راپرسيەكە زۆرينە لەگەڵ ئەوەيە پەرلەمان لەلايەن رێكخراوە ناحكوميەكانەوە چاودێرى بكرێت، جگە لە (٧) پەرلەمانتار، كە (٣) لە فراكسيۆنى پارتى ديموكراتى كوردستان و (٢) لە

فراكسيۆنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و (١) لە فراكسيۆنی گۆڕان و (١) لـە فراكسـيۆنی كۆمـەڵی ئیسـلامی پێیان خراپە پەرلەمان چاودێری بكرێت.

٤- لـە كـۆی بەشـدار بـوانی راپرسـیەكە تـەنها (١) ئەنـدامی پـەرلـەمان پێـی باشـە زانیـاریی بەمەبەسـتی چاودێریكردن لە سایتی پەرلەمان وەربگیرێت، ئەوانەی تـر پێیـان وایـە لـە (سـەرۆكایەتی و ئەنـدامان و ئینجـا سایتی پەرلەمان) وەربگیرێت، كە ئەمە نیشانەی لاوازی سایتی فەرمی پەرلەمانە.

## راسپاردەکان

لەپێناو شەفافیەتی زیاتر و جێگیربوونی پایەکانی دیموکراسی و هێنانەکایەی ژیانێکی خۆشگوزەران و روون بۆ هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە:

١- پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە، جا چ ئەو پەرلەمانەی ئێستا هەیە، یاخود پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراو.

٢- هیچی تر رێگە نەدرێت پەرلەمان وەك چەکێك بۆ مەبەستی تایبەتی لەلایەن حزب و لایەنە سیاسیەکانەوە بەکاربهێنرێت و بێ بایەخ بکرێت.

٣- حزبە سیاسیەکان ململانێکانیان لە شەقام و بازگەکانەوە بگوازنەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان و شەڕەکانیان لە هاوڵاتیان دوور بخەنەوەو کەسایەتی بەهێز و بڕیاربەدەستی حزبەکانیان بنێرنە پەرلەمان و بڕیار بەشێوەیەکی یاسایی لە پەرلەمانەوە بدەن.

٤- یاسای هەڵبژاردن و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموار بکرێتەوەو هیچی تر کاری پەرلەمانتاری بەتەواوی وەك نوێنەری راستەقینەی خەڵك پیادە بکرێت نەك وەك ئیمتیاز ببینرێت لەلایەن حزبەکانەوە.

٥- پەرلەمان ریز لەو یاسایانە بگرێت کە خۆی دەری کردوون و هیچی تر پێشێلیان نەکات.

٦- متمانە بۆ خەڵك بگێڕدرێتەوە، پەرلەمان بەرزترین دەزگای شەرعیی وڵاتە، نەك بەو شێوازەی ئێستا هەیە لەسایەی ململانێی حزبە سیاسیەکانەوە خەڵك بە بارگرانیی دابنێت لەسەر شانی میللەت.

٧- بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی پەرلەمانی و چەسپاندنی هەم لای خەڵك و هەم لای حزبە سیاسیەکان.

٨- پرۆژەی چاودێریی کردنی پەرلەمانی کوردستان لەپێناو شەفافیەتی زیاتر بەردەوام بێت و پێویستە بۆ چەسپاندنی یاساو کۆڵەکەکانی دیموکراسی، چەندان رێکخراوی تر بێنە مەیدان و هەریەك لەلایەکەوە چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی پەرلەمان بکەن، نەك تەنها لەلایەن (ئینستتیوتی پەی) کەشانی داوەتەبەر ئەو بەرپرسیارییەتیە.

**پاشكۆی (١)**

## نمونەی فۆرمی ڕاپرسی سەبارەت بە پرۆژەی چاودێری پەرلەمان كە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەشكراوە

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینیستتوتی پەی
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

PAY INSTITUTE
For Education & Development

---

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان**

پاش سلاو و ڕێزمان...

ئێمە لە ئەنستیتۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، وەك ئەركی مەدەنیی خۆمان لە سێ ساڵی ڕابردوودا پرۆسەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەدای كاری پەرلەمانی كوردستانمان گرتۆتە ئەستۆ، تا ئێستا شەش ڕاپۆرتمان بلاو كردۆتەوە، كە بەهاوكاری ڕێكخراوی (NED)ی ئەمەریكی بەردەوامە. تاكە مەبەستی ئێمە پاڵپشتی پەرلەمان بووە وەك بەرزترین دەزگای شەرعیی هەلبژێردراوی هەرێمی كوردستان و لادانی لەمپەر لەبەردەم كارەكانی و هەڵسانی بە ئەركی یاسایی خۆی و چاودێریكردنی ئەو وادەو بەڵێنانەی لیستەكان لەساتی بانگەشەكانی هەلبژاردندا بە دەنگدەرانیان داوە. دووای تێپەڕ بوونی سێ ساڵ بەسەر ئەم كارەدا، پێمان باش بوو ڕاپرسیەك ئەنجام بدەین سەبارەت بە پرۆسەی بەڕێوەچوونی كارەكەو لەپێناو زیاتر بەرەو پێشەوە چوون و پرۆفیشناڵانە كاركردنی زیاتر بیروڕای بەڕێزتان وەربگرین، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم چەند پرسیارەتان ئاراستە دەكەین:

| | | |
|---|---|---|
| ١- پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی كوردستان كە لەلایەن ئینستتیوتی پەی جێبەجێ دەكرێت چۆن هەڵدەسەنگێنیت ؟ | | |
| باش | | |
| مامناوەند | | |
| خراپ | | |
| ٢- ڕاپۆرتەكانی پەی دەربارەی پەرلەمانی كوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت ؟ | | |
| باش | | |
| مامناوەند | | |
| خراپ | | |
| ٣- پێتان باشە پەرلەمانی كوردستان لەلایەن ڕێكخراوە ناحكومیەكانەوە چاودێری بكرێت ؟ | | |
| بەڵێ | | |
| نەخێر | | |
| بۆچی؟ | | |
| ٤- پێتان باشە میكانیزمی دەستكەوتنی زانیاری لەسەر پەرلەمان و ئەندامان لەلایەن كێ یەوە بێت ؟ | | |
| سەرۆكایەتی پەرلەمان و كاروباری پەرلەمان | | |
| ئەندامانی پەرلەمان | | |
| سایتی پەرلەمانی كوردستان | | |
| ٥- چی پێشنیارێكی ترت هەیە بۆ پرۆژەكە؟ | | |
| | | |

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**

Address: Iraq- Kurdistan region- Slemani-Salim Street- Lwara Buliding Near Xasraw Xal Bridge // Mobile: +9647701564576 –+9647701465733
Email: sarwary74@yahoo.com - payinstitute@gmail.com / Facebook: facebook.com/pay-institute

**پاشکۆی (٢)**

**نوسراوی ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کراوە بەمەبەستی داواکردنی زانیاری**

**PAY INSTITUTE**
**For Education & Development**

**ئینستتیوتی پەی**
**بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ژمارە: ١٥٥ — مێژوو: ٢٠١٦/١٢/٨

**بۆ بەڕێز/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ داواکردنی زانیاری**

پاش سڵاو و ڕێز...
بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەبەر ڕۆشنای کۆبوونەوەی (٢٠١٦/١٢/٤) لەگەڵ بەڕێزان، داواکارین ڕەزامەندی بفەرموون بۆ پێدانی ئەم زانیارییەنی لەم نوسراوەدا هاوپێچ کراوە، بەمەبەستی زیاتر گەشەپێدان بەراپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان، هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پەرۆشیە بۆ پرۆسەی شەفافیەت و چاودێری دام و دەزگاشتیەکان.

**هاوپێچ :**

١. فۆرمێکی لەسەر زانیارییەکانی لیژنەکان لەسەرەتای خولی چوارەوە
٢. پێدانی کۆپییەک لە راپۆرت و بەدواداچوونی ئەندامان و لیژنەکان لە (٢٠١٦/٩/١) بە دواوە .
٣. کۆپییەک لە سەرجەم ئەو پرۆژە یاسایانەی لەخولی چواردا ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون.
٤. کۆپییەک لە پرسیاری ئەندامان کە لەخولی چواردا ئاڕاستەی حکومەت کراوە .

لەگەڵ ریزدا....

PAY INSTITUTE
For Education & Development

د.سەروەر عبدالرحمن عمر
سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ناونیشان/ سلێمانی – شەقامی سالم / تەلاری ئوارا- بەرامبەر پردی خەسرەو خاڵ- تەلەفون ٠٧٧٠١٥١٤٥٧٦- ٠٧٧٠١٤٦٥٧٢٢ ئیمەیل: payinstitute@gmail.com

## پاشکۆی (٣)

## نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی کراوە و ئامادەنین ئەو زانیاریانەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی دابوو پێمان بدات

Kurdistan Parliament-Iraq
General Directorate of Divan
Directorate of Administration and Personnel Affairs
NO:
Date:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ژمارە: ٢/٥/ ١٤٣
بەروار: ٢٩/ ١/ ٢٠١٧

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
نارده
ژمارە: .............
ڕۆژ: / / ٢٠١

بۆ/ ئینستتیوتی پەی
بابەت/ وەلام

نووسراوتان ژمارە (١٥٥) لە ٢٠١٦/١٢/٨

پاش کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان، بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بەو داواکاریانەی کە لە نووسراوی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین کە ڕەزامەندی لەسەر داواکاری خاڵی یەکەم لە نووسراوتان دراوە و سەبارەت بە خاڵی (٤،٣،٢) ڕەزامەندی نەدراوە، بۆ ئاگاداریتان .

لەگەڵ ڕێزدا

هیوا نصرالدین مصطفی
یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دیوان

وێنەیەك بۆ/
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێری و خۆیەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان.

ن/شەم
ج/محمد صلاح

پەرلەمانی کوردستان/ کوردستان- هەولێر /شەقامی شەست مەتری ت/ ٠٦٦٢٢٤٠٨٠٠ -٠٦٦٢٢٤٠٢٤٢- www.perleman.org

**پاشکۆی (٤)**

**نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی کراوە و ئامادەنین هیچ کام لەو زانیاریانەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی دابوو پێمان بدات**

| | |
|---|---|
| Kurdistan Parliament - Iraq<br>General Directorate of Divan<br>NO:<br>Date: | پەرلەمانی کوردستان — عێراق<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>ژمارە: ٤ / ٤ / ٤٠٥<br>بەروار: ٢٧ / ٢ / ٢٠١٧ |

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
نارده
ژمارە: ..........
ڕۆژ: / / ٢٠١

**بۆ/ ئینستتیوتی پەی**

**ب/وەرگرتنی زانیاری**

دوا بە دوای نووسراوتان ژمارە /١٥٥ لە ٢٠١٦/١٢/٨ وە نووسراومان ژمارە /١٤٣ لە ٢٠١٧/١/٢٤ وە دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە ئامادە بوونی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لێژنەکان وە بەڕێوەبەری بەشی کاروباری لیژنەکان بە ڕێکخراوە بەڕێزەکەتان رادەگەیەنین کە وەرگرتنی هەر زانیاریەك لە ڕێگای سایتی پەرلەمانەوە دەبێت پالپشت بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە ماڤ هیچ لایەنێکی دەرەکی نادات کە وەك چاودێر کار بکات لە سەر کاروچالاکی و کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان، بفەرموون بۆ ئاگاداریتان.

لەگەڵ ڕێزدا.

**هیوا نصرالدین مصطفی**

**یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دیوان**

**وێنەیەك بۆ/**

- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان.
- گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.
- گشت لیژنە هەمیشیەکانی پەرلەمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.

ج/ سروە

www.perleman.org — ت/ ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠ - ٠٦٦٢٢٣٠٧٤٢ — پەرلەمانی کوردستان/ کوردستان- هەولێر /شەقامی شەست مەتری

## پاشکۆی (٥)

## پێشوازی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە شاندی ئینستیتیوتی پەی



د.یوسف محەمەد سادق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: هەماهەنگی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوانمان بەرەو کۆمەڵگەیەکی تەندرووست و مەدەنی خێراتر دەکات. پێویستیشە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی خۆیان لە پرسە گرنگەکانی وڵات ببینن. ئەم وتانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەمیانی پێشوازیکردن بوو، لە شاندێکی بۆردی ئینستیتیوتی (پەی) بۆ پەروەردە گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی د.سەروەر عەبدولڕەحمان، کە نیوەڕۆی ئەمڕۆ ٥ شەممە، ٣٠ ئۆکتۆبەر سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لەلایەن د.یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیکران.

**سەرۆکی پەرلەمان بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی: هاوکارمان بن بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە کاری پەرلەمانی**

د.یوسف محەمەد سادق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: هەماهەنگی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوانمان بەرەو کۆمەڵگەیەکی تەندرووست و مەدەنی خێراتر دەکات. پێویستیشە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی خۆیان لە پرسە گرنگەکانی وڵات ببینن. ئەم وتانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەمیانی پێشوازیکردن بوو، لە شاندێکی بۆردی ئینستیتوتی (پەی) بۆ پەروەردە گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی د.سەروەر عەبدولڕەحمان، کە نیوەڕۆی ئەمڕۆ ٥ شەممە، ٣٠ ئۆکتۆبەر سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لەلایەن د.یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیکران. لەسەرەتای دانیشتنەکەدا، سەرۆکی ئینستیوتی (پەی) باسێکی لەکارو چالاکییەکانی ئینستیتوتەکەیان کرد لە بواری پەروەردە گەشەپیدانی مرۆیی، ئاماژەی بەوەدا کە کارکردن لەو دوو بوارەدا بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردی زۆر پێویست و گرنگە." لەبەشێکی تری وتەکانیدا، د.سەروەر وتی :دەبێت هەمو لایەك هاوکاری پەرلەمان بن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە بواری یاسادانان و چاودێرییکردن ببینێت، چونکە هەندێجار کۆسپ و تەگەرە لەو بوارەدا دەبینین." دواتر سەرۆکی پەرلەمان، ئاماژەی بە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمانی کوردستان کرد لە ماوەی دەستبەکاربوونیان لە ماوەی ئەم خولە نوێیەدا، بەتایبەتیش لە بوار چاودێریی کردنی حکومەت و یاسا دانان و ئامادەسازیی بۆ دەرکردنی کۆمەڵێك یاسای گرنگ لە لیژنە تایبەتەکانی پەرلەمان ." لەبەشێکی تری وتەکانیدا، سەرۆکی پەرلەمان داوای لەشاندی میوان و ڕێکخرواەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد، هاوکاری پەرلەمان بن بۆ بوارەکانی یاسادان و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە کاری پەرلەمانی و یاسادان."

http://www.perleman.org/Default.aspx?page=article&id=20814&l=3

**پاشکۆی (٦)**

**پێشوازی بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە شاندی ئینستیبیوتی پەی**



عربي کوردی English

پەرلەمانی کوردستان

سەرەکی هەواڵەکان دەربارەی پەرلەمان سەرۆکایەتی ئەندامان لێژنەکان یاساکان بڕیارەکان کۆنووس پرۆژە یا

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە سەرۆکی ئەنستتیۆتی" پەی" دەکات

12/04/2016 07:45:00 م

ئەمڕۆ سێشەممە 12/4/2016 دکتۆر جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە دکتۆر سەروەر عەبدوررەحمان سەرۆکی ئەنستتیۆتی" پەی" بۆ پەروەردەو گەشەپێدان و بابان جەعفەر ئەندامی ئەنستتیۆتەکە کرد.
لە دیدارێکدا باس لە چۆنیەتی ئەکتیڤکردنی میکانیزمی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی کاری پەرلەمان، کە ئەنستتیۆتی" پەی" وەکو ڕێکخراوێکی ناحکوومی بەو ئەرکە هەڵدەستێت. هەروەها جەختیش لەسەر هەماهەنگی نێوان لیژنەکانی پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە گشتی کرا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تەندروست.

**جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە سەرۆکی ئەنستیۆتی" پەی" دەکات**

ئەمڕۆ سێشەممە ٢٠١٦/٤/١٢ دکتۆر جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە دکتۆر سەروەر عەبدوررەحمان سەرۆکی ئەنستتیۆتی" پەی" بۆ پەروەردەو گەشەپێدان و بابان جەعفەر ئەندامی ئەنستتیۆتەکە کرد.

لە دیدارێکدا باس لە چۆنیەتی ئەکتیڤکردنی میکانیزمی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی کاری پەرلەمان، کە ئەنستتیۆتی" پەی" وەکو ڕێکخراوێکی ناحکوومی بەو ئەرکە هەڵدەستێت. هەروەها جەختیش لەسەر هەماهەنگی نێوان لیژنەکانی پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە گشتی کرا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تەندروست.

http://www.perleman.org/Default.aspx?page=article&id=23207&l=3

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## کورتەیەک لەسەر ئینستیتوت:

ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لە (٢٠١٣/١١/٢٦) لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، (ئینستیتوتێکی زانستی کوردستانی، ناحکومیی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو لەهەموو بوارو ئاستەکاندا. ئینستیتوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی دروست بکات بۆباشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیا جیا کانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی ڕاستەقینە و پردێک بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵەمە دەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لەهەرێمی کوردستان.

## ئەو پرنسیپ و بەهایانەی ئینستتویت پێوە پابەندە :

١.پابەندبوون بە پەیمانانامە و رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ.
٢. پابەندبوون بەدیموکراسی و رێزگرتن لەسەروەریی یاسا.
٣. گەشەدان بەکاری خۆبەخشی و خێرخوازی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.
٤. پەیوەست بوون بەبێلایەنی، شەفافیەت، سەربەخۆیی، و جیاوازی نەکردنی رەگەزی و ئاینی و نەتەوەیی.
٥. پاراستنی باڵانسی جێندەری‌و پاراستنی تایبەتمەندی و نهێنییە کەسییەکان.

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی ئینستیتوت:

١.(پرۆژەی شەراکەتی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان جێبەجێکرا. هەوڵێک بوو بۆ پیادەکردنی بریاری ژمارەی (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) ئەم پرۆژەیە لە (٤ ووڕک شۆپ +کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان+ کۆنفرانسێکی ٢ رۆژە) پێکهاتبوو.

٢. (پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان):

چاودێری کارەکان و هەڵسەنگاندنی ئەدای پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری پەی. ئەم پرۆژەیە لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە دەستی بەرکارەکانی کردووە. شەش مانگ جارێک راپۆرتێک بلاودەکاتەوە. تا ئێستا (٨) راپۆرتی بڵاوکردۆتەوە.لە ئێستادا پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)بەردەوامە لەکارەکانی .

٣. (وۆرک شۆپی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان :

ئەم پرۆژەیە ووڕک شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو ڕێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی دیاردەی واز هێنان لەخوێندن لەهەرێمی کوردستان کە لە رۆژانی (١٨- ١٩ /٢٠١٤/٦) لە هەولێر بە ئامادەبوونی (١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بەسترا.

٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە :

چاودێری کارەکانی وەزارەتی پەروەردە یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری پەی. یەکەم راپۆرتی ئەم پرۆژەیە لە (٢٥ حوزەیرانی ٢٠١٤، ) بە میوانداری وەزیری پەروەردە وئامادەبوونی (٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆری پەروەردەیی. راپۆرتەکە پێشکەش کرالەدانیشتنەکەدا وەزیری پەروەردە بریاردریدا بەدواداچوون بکات بۆ ئەو خاڵانەی ئەنستیتۆتی پەی ئاماژەی پێ کردووە و داوایشی کرد ماوەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی کار لەسەر راسپاردەکانی ناو راپۆرتەکە بکەن.

٥. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :

چاودێری کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری ئەنستیتۆتی پەی. یەکەم راپۆرتی ئەم پرۆژەیە لە (٢٢تەموز ٢٠١٤، ) بە میوانداری وەزیری خوێندنی باڵا و ئامادەبوونی (٨٠)کەس لە سەرۆک و مامۆستایانی زانکۆکان و نوێنەری ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندنراپۆرتەکە پێشکەش کرا. لەدانیشتنەکەدا وەزیری خوێندنی باڵا بریاریدا راپۆرتەکە بنێردرێت بۆ سەرجەم زانکۆکان بۆ ناردنی راو پێشنیاریان لەسەر راپۆرتەکە و کێشەکانی خوێندنی باڵا و بەڵێنی بەدواداچونی راسپاردەکانیشیدا .